# دەرکردنی قیمەتی گەنم وجۆکە لەبری زەکاتەکەیان

[ kurdish – کوردی – كردي ]

**دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**


2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ إخراج القيمة في زكاة الحبوب ﴾

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# دەرکردنی قیمەتی گەنم وجۆکە لەبری زەکاتەکەیان

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس کراوە :

**پرسیار :** بەڕێزان ئێمە لەوەرزی ئەم هاوینەدا گەنم و جۆکەمان دووریوەتەوە گەشتوەتە ڕادەی دەرکردنی زەکات، واتە زەکاتی تێدا واجب بووە، ئایا دروستە ئێمە لەبری ئەوەی گەنم وجۆکە بدەین بەزەکاتدا نرخەکەی بدەین بەو کەسانەی کە زەکاتیان پێ دەشێت ؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

**وەڵام :** الحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله .

زانایانی ئیسلام لەم مەسئەلەیەدا بوون بەسێ ڕای جیاوازەوە :

**ڕای یەکەم :** جمهوری زانایان پێیان وایە دروست نییە کە لەبری ماڵی زەکات قیمەتەکەی بدرێت بە هەژاران و ئەو کەسانەی کە زەکاتیان پێ دەشێت، چونکە زەکات عیبادەتە و عیبادەتیش دروست نییە بەجێ بهێنرێت بەو شێوەیە نەبێت کە فەرمانی پێکراوە، ئەویش بەبەڵگەی ئەم فەرموودەیە : « أن النبي صلى الله عليه وسلم قال لمعاذ حين بعثه إلى اليمن: "خذ الحب من الحب والشاة من الغنم والبعير من الإبل والبقر من البقر» {رواه أبو داود وابن ماجه وصححه الحاكم }

واتە : پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کاتێك مەعاذی کوڕی جەبەلی نارد بۆ یەمەن وکردی بەوالی لەوێ، پێ ی فەرموو : دانەوێڵە لەزە کاتی دانەوێڵە

وەربگرە، شەكییش لە مەڕوبزن، ووشتریش لە ووشتر، ومانگایش لەڕەشەوڵاخ وەربگرە .

جمهوری زانایان ئەم فەرموودەیە دەكەن بەبەڵگە لەسەر ئەوەی كە دروست نییە لەبری زەكاتی شتێك شتێكی تر بدرێت ودەبێت بەو پێیە بێت كە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و دەقەكان دیاریان كردووە .

**ڕای دووەم :** ئەبو حەنیفە وئیمامی بوخاری وئەشهەب وابن القاسم لەڕایەكیدا پێیان وایە دروستە لەبری زەكاتی هەر شتێك قیمەتەكەی بدرێت بەو كەسانەی زەكاتیان پێ دەشێت، ئەویش بەبەڵگەی ئەم ڕیوایەتە : « قال معاذ بن جبل لأهل اليمن : إيتوني بخميس أو لبيس آخذه مكان الصدقة فإنه أهون عليكم وخير للمهاجرين بالمدينة »{رواه البيهقي والبخاري تعليقاً} واتە : مەعاذی كوڕی جەبەل بە خەڵكی یەمەنی ووت : جلوبەرگ یان كەلوپەلم بۆ بهێنن وەری دەگرم لەبری زەكات، چونكە ئەمە بۆ ئێوە ئاسانترە و باشتریشە بۆ موهاجرەكان لەمەدینە .

**ڕای سێهەم :** ڕایەكی ناوەندگیریش هەیە لەم نێوەندەدا، كە شێخ الإسلام ابن تيمية پەسەندی كردووە، ئەویش ئەوەیە : دەركردنی قیمەتی ئەوماڵەی زەكاتی لێدەكەوێت ئەگەر لەبەر پێویستی ومەصلەحەت و بەرژەوەندیەك نەبێت دروست نییە و ڕێی لێگیراوە، بەڵام ئەگەر هاتوو لەبەر بەرژەوەندی یان لەبەر پێویستیەك بوو كە بۆ هەژارەكە واباشتر بوو ئەوە دروستە وهیچ تێدا نییە،

ئیمامی شەو کانیش ووتویەتی : هەق وایە زەکات هەر لەو ماڵەدا بدرێت کەگەشتوەتە ڕادەی زەکات ، وە نابێت لەبری ئەو ماڵە قیمەتەکەی بدرێت بەزەکاتدا ئیلا لەبەر عوزرێك نەبێت .

بۆیە ئێمەیش لەم مەسئەلەیەدا وای دەبینین کە ڕاکەی شێخ الاسلام ابن تیمیة و شەوکانی زیاتر لە دروستیەوە نزیکترە وجێگای پەسەندیە بەلامانەوە، ئەگەر هاتوو هیچ پێویستی و بەرژەوەندیەکی هەژارانی تێدا نەبوو لەدانی قیمەتی زەکاتەکە لەبری ئەو دانەوێڵەیەی کە بەرهەمتان هێناوە ئەوە واجبە هەر گەنمەکە یان جۆکە بدرێت بەزەکاتدا ودروست نییە قیمەتەکەی بدرێت بە هەژاران، بەڵام ئەگەر هاتوو وا پێویستی دەکرد کە قیمەتەکەی بدرێت یان بەرژەوەندی هەژاران وابوو کە قیمەتەکەیان پێ بدرێت ئەوا دروستە لەبری ئەو ئەندازەیەی کەدەردێت بەزەکاتدا قیمەتەکەی بدەیت بە هەژاران، بۆ نموونە ئەگەر زانیت ئەو گەنمەی یان ئەو جۆیەی کە تۆ دەیدەیت بەو کەسەی کە زەکاتی پێدەشێت پێویستی بەگەنم و جۆ نییە ودەیفرۆشێتەوە لەبازار بۆ پێویستیەکی تری کە ئەو لەپێشترە بۆی، ئەگەر نا ئەوا هەر دەبێت دانەوێڵەکە خۆی بدرێت بەزەکاتدا .

چونکە مەبەستی پێغەمبەری خوداش (صلی الله علیه وسلم) لەو فەرموودەیەی کە جمهوری زانایان کردوویانە بەبەڵگە، ئەوە نییە کە حەصری کردبێت ودروست نەبێت غەیری ئەوانە بدرێت لەزەکاتیاندا بەڵکو مەبەست لەو فەرمودەیە ئەوەیە ئەصڵ وایە لە دانەویڵەدا دانەوێڵە بدرێت بەزەکاتدا ولە مەڕو بزنیشدا بەرخ بدرێت ولەڕەشە ووڵاخیشدا مانگا وگوێرەکە بدرێت،

ئاشکرایشه که زەکات خوای گەورە لەبەر بەرژەوەندی وپێویستی هەژاران لەکۆمەڵگادا فەرزی کردووە لەسەر موسڵمانان، دەی کاتێکیش ئەگەر وا پێویستی کرد که بەرژەوەندی هەژاران لەوەدا بوو قیمەتی زەکاتەکەی پێ بدرێت ئەوا دروستە چونکه بەم شێوەیە مەبەستە سەرەکیەکەی زەکات جێ بەجێ دەبێت، خۆ ئەگەر بەرژەوەندی هەژارانیش لەوەدابوو که خودی ئەو ماڵەیان پێ بدرێت که زەکاتەکەی تێدا واجب بووە، ئەوا دروست نییە خاوەن ماڵەکه قیمەتەکەیان پێ بدات بەبیانووی ئەوەی ئەوە ئاسانترە بۆی ..

خوای گەورەش زانا وشارەزاترە.